6-لە ئیستانبول بەتایبەتی برایانی جەبهەی تورکمانی ئیهانەتێکی زۆری ئەو کوردانەیان کردووە کەچوونە بۆ دەنگدان . تەنانەت قسەی ناشیرنیان پێ ووتراوە و لێشیانداوون.

7- لە ئەنکەرە کە یەك شوێنی دەنگدان هەبوو بەلام شەشە ویستگەی دەنگدانی لێبوو خەلکی وا هەبوو لەهەر 6شەش ویستگە دەنگی داوە .

8-لێپرسراوی مەرکەزی دەنگدانی ئەنکەرە (د.عەباس ) بوو کە تورکمانی کەرکووکە سەر بەجەبهە ی تورکانی یە ،پێی ووتراوە ئەوخروقاتانەوا دەکرێت بەلام ئەو کەلێپرسراوی ئەو مەرکەزەبوە هیچ ئیجراتاتێکی نەکردووە .

9-مەرەکەبەکە زۆر بەئاسانی لێدەچوو .

10-لەجیاتی ئەوەی سەری پەنجە بخەنە ناوشووشەی مەرەکەبەکەوە کەچی زۆربەیان هەر پەنجەیان نەخستۆتەناو مەرەکەبەکەوە .هەروەها رێکخراوی (دەرنەك)کەلەناوجەبهەی تورکمانییە دەوری خراپی هەبوو.

ئەوانەو چەندین خروقاتی تریش بەلام ئەوەی کەبۆ ئێمە قابیلی قبول نیە ئەوەیە کە لەتورکیادا لەهیچ کات و ساتێکدا (25122 )بیست و پێنج هەزاروسەدو بیستو دوو دەنگدەری عێراقی نیە .هەروەها نارەزایەکی تریشمان لەکۆمیسۆنی سەرپەرشتیکاری هەلبژاردنەکانی تورکیا هەیە کە لێنەگەران ئێمە لەسلۆیی محتەیەکی هەلبژاردن دابنێین بۆ ئەو عێراقیانەی کەلە و ناوچەیەدادەژین .

لەدوای تەواوبونی هەلبژاردنەکەشەوە بەتەلەفۆن نارەزایی خۆمان بە بەرێز (موفید عبدالمجید) راگەیاند .لەرۆژی 16-12-2005 وە بەتایبەتی لەدوای ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنیەمان کەنارازی بوونی خۆمان بەل کۆمیسیۆنی هەلبژاردنەکان راگەیاند دوای ئەوە چیتر تەلەفۆنەکانی ئێمەیان وەلام نەدەدایەوە بۆ ئەوەی شکاتەکەی خۆمان بەرەسمی نووسین بگەیەنینە دەستیان.

لەکۆتایدا هیوادارین بەشێوەیەکی یاسایی و دروست لەئەنجامی ئەو هەلبژاردنەی تورکیا بکۆلنەوە و لەئەنجامەکەشی ئاگادرمان بکەنەوە .

وێنەیەك بۆ بەرێز سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ ئاگادریتان تکایە

لەگەل رێزو حورمەتی زۆرمان .

نوێنەرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان (730) لە تورکیا

عومەر میرانی

ئەنکەرە 17-12-2005

بەهروز گەلالی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com